نیشتیمانێکی سەربەخۆ                    کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر                    جیهانێکی باش

حزبی رزگاریی کوردستان                    Rizgary Party of Kurdistan

مەکتەبی سیاسی                    Political Bure

---

# پەیامی پیرۆزباهی

**بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی  ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**سڵاوی رزگاری و سەرخۆبوون..**

**لە پێوەندی پێکهێنانی کابینەی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان  بە ناوی خۆم و لە جیاتی مەکتەبی سیاسی حزبی رزگاریی کوردستانەوە پڕ بە دڵ پیرۆزباهی لە بەڕێزتان دەکەم، لەرێگەی بەڕێزیشتانەوە سڵاوو پیرۆزباهی گەرمی خۆمان پێشکەش بە جێگری سەرۆکی حکومەت و سەرجەم وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین ، هیواخوازین کە کابینەی حکومەتی یەکگرتوو، کابینەیەکی خزمەتگوزار و دەستڕەنگین بێ ، دەرفەتی یەکسان لەبەردەم تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بکاتەوە و بەیەکچاو لە سەرجەم چین و توێژەکان بڕوانێ و سیاسەتی هاوێرکاری کۆتایی پێبهێنێ . ئێمە لە حزبی رزگاریی کوردستاندا لە کاتێکدا کە پێکهێنانی کابینەی حکومەتی یەکگرتوو بەدەستکەوتێکی  گەورە دەناسین و هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنی بۆ دەخوازین، لەهەمان کاتیشدا ئاوات دەخوازین کە کابینەی حکومەتی یەکگرتوو بە سەرۆکایەتی بەڕێزتان بتوانێ دیاردەی گەندەڵی بنبڕبکات و کۆمیتەی دەستپاکی بۆ لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەی داهات و سامانی ئەو کەسانە  پێکبهێنێ کە پێگەی دەستەڵاتی خۆیان بۆ خۆدەوڵەمەندکردن بەکارهێناوەو جیاوازکاریان لە نێوان جەماوەری کوردستاندا بەڕێوەبردووە .**

**حزبی رزگاریی کوردستان وەک هێزێکی سەربەخۆخواز و رزگاریخواز شێلگیرانە  پشتیوانی لە هەر هەوڵێک کە بۆ گێرانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی دیکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەڕێوەبچێ، دەکات ، هیواخوازین کە دەستپێکی کاری حکومەتی یەکگرتووی هەرێم بە تێکۆشان بۆ گێرانەوەی کەرکوک و خانەقین و موسڵ و ناوچەکانی دیکە درەخشان بکرێ و رێگەی گەیشتن بە حەز و ئاواتەکانی گەلی کوردستان نزیکتر بکاتەوە .**

**سڵاو و پیرۆزباهی خۆمان دووپات دەکەینەوە . خوازیاری سەرکەوتنتانین .**

**رێکار ئەحمەد**

**سکرتێری گشتی حزبی رزگاریی کوردستان**

**٨-٥-٢٠٠٦**